# دارتاشەکە و ئەندام پەرلەمانەکان و جورئەت

حەیدەری حاجی خدر

نزیکەی شەش حەوت مانگێك دەبێ دارتاشێك باسی دروستکردنی کتێبخانەیەکی لەگەڵ برادەرێکم کردوە ، بەلام بە درێژایی ئەو ماوەیە هەرچەند ئەو برادەرەم باسی ئەو مەسەلەیەی لەگەڵدا بکا دارتاشەکە خۆی لێدەبوویری ... منیش دوسێ ڕۆژ پێش ئێستا هەر بۆ سۆراخی مەسەلەکە لە برادەرەکەمم پرسیەوە کە ئاخۆ لەگەڵ دارتاشەکە گەیشتۆتە چی ؟

من لەو بڕوایەدابوم کە کتێبخانەکە دروستکراوە ڕەنگبێ لە بێخەبەران کەشکەك سەلەواتم بۆ لێبدا ، بەلام کە پێیگوتم : برالە دواکەوتنی بۆ ماوەیەکی دیکەش هەر شوکرێ خوای ، بەلام با ئەو گفتم بداتێ ..؟! ئیدی من لە شوێنی خۆم تاسام و واقم وڕما .

دواتر بەدەم پێکەنینەوە پێمگوت : برالە دەکرێ ئەم بەزمەی تۆ و وەستایەکەت بەووەو لێکبدەینەوە کە بڕیاردان جورئەتی دەوێ ، جورئەت .. ئێ خۆ ئێمەش لە ولاتێکین لە سایەی سەری حزبێنە کوا جورئەتی بڕیاردان ماوە ، تەنانەت با لە دروستکردنی کتێبخانەیەکیش بێ ، چونکە پێدەچێ ئەو برادەرەمان چاو لە گەورەکا نمان بکا .

برالە ، دو ساڵ بەر لە ئێستا سەرۆکی ئەمەریکا لە فرتوفێڵەکانی عێراق و ڕژێمەکەی ئۆقرەی نەما و ئەو بەزمەی پێکرد کە هەر هەمووومان تا ڕۆژی زیرە لێهەستاندنیشی پێمان وابو کە فشە بە عەقڵی سیاسیی جیهان دەکا و تەنها درێژەدانە بە مەسەلەکە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی .

ئەوە ولاتێك نەبو بە تەنها ، بەڵکو ئەوە کەسێك بوو کە دوای خوێندنەوەی دەرەنجام و پێشهاتە و گۆڕانکاریی و گفتوگۆکردنی بوو لەگەڵ هاوکارانی ، لە بڕیارێکیدا بێ ئەوەی ئەو ( نەتەوە یەکگرتوان ) ە بەهێند وەربگرێ کە هەمیشە لەبەر بەرژەوەندیی ئەندامانی سەر بەهەندێك لەو ئاقارەنەدا ناکا ، لە هەناوی ئەو وشەیەی کە پێیدەڵێن جورئەت ئەو بڕیارەیدا و جێبەجێشیکرد .

ئەم بەزمەی برادەرەکەت و ئەو سەرۆکە ڕاستە نمونەی دو کەسی سەر بە دو نەتەوەی جیاوازن ، هەرچەندە ئەوەی یەکەمیان کەسێکی بێ دەستەلات و بێ دەوڵەت و ڕەنگە هەندێك جاریش چاو لێژەفکراوبێ و ئەوەی دوەمیشیان کەسێکی بە دەستەلات و خاوەن دەوڵەت ، بەلام خۆ جۆری ئەو کارەی بڕیاری تێدادەدرێ زۆر لەیەك جیاوازن و زۆریان بەینە .

کورد لەگەڵیشیدا سەرکردایەتییە سیاسییەکەی دەمێکە لە بڕیاردان دەسڵەمێننەوە ، هەندێك جار بێ خوێندنەوەی دەرەنجام و ڕوداوەکان و ئەوەی پێویستە بڕیاردەدەن و دواتر جێبەجێنابێ ، هەندێك جاریش لەبەر ئەوەی جورئەتی لە باسکردنی بابەتەکان و خوێندنەوەی ڕوداوەکان خستنە بەردەستی خەڵکی نییە ، بۆیە بڕیارنادا .

دوای ئەم گفتوگۆیە ، ئەو برادەرەم گووتی : برالە منیش ئێستا خەریکە تێدەگەم کە خۆڕانییە ئەو وەستایە گفتی دروستکردنەکەم پێنادا ، ڕەنگە نەتوانێ جێبەجێیبکا ، بەلام خۆ ئەو سەرۆکە بڕیارێکی چارەنوسسازییشی داوە .

منیش پێم گوت : دە لەوەش باش حاڵی بە کە ئەندام پەرلەمانەکانیشمان بۆیە نابردرێنە سەر کورسیەکانیان ، کە هەندێکیان ئەگەر ماوەیەکی دیکە بەو شێوەیە بمێننەوە ڕەنگە هەریەکە و لە لای ئەو دارتاشێکی تر بەڕادانبدا تا لە ماڵەوە داینێ و ڕۆژانە لە بەرامبەریدا ئاخ هەڵبکێشێ و دەست لە ئەژنۆ بێ ئەوەی جورئەتی هەبێ کە بلێ باشە کە فشەتان پێکردین بۆ دەمانکەنە گیسکی حەیاس ؟ هەمدیس ئیدارەکانیش بۆیە یەکناگرنەوە ، چونکە جورئەتیان ...... مەگەر دکتۆر ( م ) ی لێدەرچێ ...؟!